www.kurdistannet.org
5-4-2003 23:11

# بۆ نابێ (ئەلجەزیرە) وا بکا؟!

**مه هاباد کوردی**

من پێشتر لەمەڕ ڕاگەیاندنی عەرەبی و پەیوەندیی ئەو بە مەسەلەی کوردەوە شتم نووسیوە. ئەوەی زیاتر منی هاندا تا جارێکی تر لەسەر ئەم بابەتە بنووسم، خوێندنەوەی چەند نووسینێک بوو کە لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت بڵاو کرابوونەوە. لەو نووسینانەدا ڕەخنە لە کەناڵی ئاسمانیی ئەلجەزیرە گیرابوو، چونکە تەنیا یەک ڕووی ڕووداوەکان نیشان دەدات و، لە هەمان کاتیشدا بە ئاشکرا لایەنگیری لە ڕژێمی دیکتاتۆرەکەی بەغدا دەکات.

جارێ بەر لە هەر شتێک دەبێ لە خۆمان بپرسین: ئایا لە جیهانی عەرەب و تەواوی ڕۆژهەڵاتیش ڕاگەیاندنی ئازاد، بە تەواوی مانای وشە، چ بوونێکی هەیە؟ دیارە وەرامدانەوەی پرسیارێکی وەها مەتەڵێک نییە تا هەڵنەهێنرێت. هەر یەکێک لە ئێمەش کەم تا زۆر ئاگای لە ڕەوشی مەسمیدیا و چاپەمەنی ئەو وڵاتانە هەیە.

ڕاستە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا بە دەیان کەناڵی ئاسمانی و هۆیەکانی دیکەی جۆراوجۆری ڕاگەیاندن لەو دەڤەرەی کە مەبەستمانە هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام دیسانیش ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییانە هەر یەکەیان سەر بە دەوڵەت و لایەنێکن و نوێنەری سیاسەتی دیاریکراوی ئەو دەوڵەت و لایەنانەشن. بێگومان لە بارێکی وادا ئازادی ڕۆژنامەڤانی و ڕاگەیاندن پێک نایەت.

لەو نووسین و قسانەی کە تا هەنووکە لە لایەن کوردەوە لەمەڕ ئەلجەزیرە نووسراون یا کراون، زۆر جار مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە کورد گلەیی لەم کەناڵە هەیە و دەپرسێ: بۆچی باسی کارەساتەکانی ئێمەش ناکەن؟ بۆ لەئاست هەڵەبجە و ئەنفالەکان دەمتان بووەتە تەڵەی تەقیو؟ چ لە هۆڤێتیی سەددام حوسێن دەکەن؟ گەلێ پرسیاری تریش.

چ گومانێک لەوەدا نییە کە کەناڵی ئەلجەزیرە هەر لە دەستپێکی دروستبوونییەوە، بە گەلێ شێوەی جیاواز، تێکۆشاوە پەرە بە بیری ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستی عەرەبی بدات. کەناڵی ناوبراو، وێڕای هەموو پروپاگەندەیەکیشی گوایە کە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ئازادە، بەڵام قەت نەیتوانیوە قامکی خۆی بە ڕاستی و دروستی لەسەر تەواوی ئەو مەسەلانە دابنێت کە لە نێو خودی وڵاتانی عەرەب دەبینرێن. هەندێ بەرنامەی ئەم کەناڵە، هەر بۆ نموونە (الاتجاه المعاكس) و (اكثر من راي)، بە جاران لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆیان دەرچوونە و شێوەیەکی ئاژاوەگێڕییان وەرگرتووە. هەر کەسێک گەر چاوی لەم دوو بەرنامەیە کردبێ و لێیان ورد بووبێتەوە لە مەبەستم تێدەگات.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە پێم باشە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە: <u>کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی ئەلجەزیرە هەر چۆنێ بێ زمانحاڵی نەتەوەیەکی سەردەستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەم کەناڵە بەر لەوەی نوێنەرایەتیی هەر کەس و نەتەوە و لایەنێکی دیکە بکات، دیارە نوێنەری نەتەوەی عەرەب دەکات. کەواتە هیچ جێگای سەرسووڕمان نییە کە بەڕێوەبەران و کارمەندان و ڕۆژنامەوانان و پەیامنێرانی ئەلجەزیرە، سبەی تا ئێوارێ، کاریان بووبێتە پروپاگەندەکردن بۆ عەرەب و عێراقی دەروازەی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و پاڵەوانە نەتەوەییە شۆڤێنییەکەشی.</u>

ئامانجی سەرەکیی ئەلجەزیرە لە هێنانی کەسانێکی کورد بۆ قسەکردن لەمەڕ ڕەوشی ئەوڕۆی کوردستان و ناوچەکەش، پێش هەر شتێک و تا ڕاددەیەکی زۆریش، لە زۆربەی کاتەکاندا سووکایەتیکردن بووە بە کورد و دۆزە ڕەواکەی و وڵاتەکەیشی. بۆ پێشکەشڤانانی ئەلجەزیرە و تەواوی تەماشاڤانانی عەرەبی ئەم کەناڵەش چەند مایەی خۆشی دەبێ، کاتێ کوردێک دێ و هاوار دەکا: ئەم ئاڵای کوردستانە هیچ مانایەک ناگەیەنێت و نوێنەرایەتی کەسیش ناکات! هەروەها کاتێ عەرەب دوو کوردی، پرۆفیسۆر و سیاسەتمەدار و نووسەریش، لە ئەلجەزیرەدا دەبینن کە شەڕ لەسەر سەرکردەی کورد دەکەن، دیارە بە دیمەنێکی وەها دڵخۆش دەبن و دەشڵێن: نەتەوەیەکی بندەست کە هێشتا شەڕەسەرکردە کاری بێ، هێشتا زۆری ماوە تێبگات و پێبگات.

ئەلجەزیرە کە دەچێ (عەبدولباری عەتوان) ێک دێنێ، بۆ داکۆکیکردن لە سەددام و بەعس و جنێودان بە کوردیش، کارێکی پێچەوانەی پڕەنسیپە سەرەکییەکانی خۆی ئەنجام نەداوە تا ئێمەمانان بێین گلەیی لێ بکەین. ئەوان، هەڵسووڕێنەرانی ئەم کەناڵە، بەشی زۆریان سەر بە هەمان قوتابخانەی ناسیۆنالیستی کوێرانە و بەعسیئاسان، کە د. مونزیر ئەلفەزل لە بارەی ئەم جۆرە بەعسییانە و بەعسییە مرۆڤخۆرەکانی عێراقیش، جارێ لە جاران لە سەمینارێکدا بە (هەندێ عەرەبی ڕەگەزپەرست و نازی) ناوی بردن. گومان لەوەدا نییە ئێستا ئەو (هەندێ) یانە لە سایەی سەری ئەلجەزیرە بوونەتە (زۆر) . کەناڵی ئەلجەزیرە بە ئەنقەست شتەکان، دیمەنەکان، ڕووداوەکان، باسەکان هەڵدەبژێرێ. ئەوان کە وێنەی کوژراوەکانی بەسرە نیشان دەدەن، مەبەستی سەرەکییان بۆ ئەم کارە، بەنزین ڕشتنە بەسەر ئاگردا. دەنا خۆ ئەوەندەی ڕژێمی سەددام و داروودەستەکەی لە خەڵکی بەسرە و باشووری عێراقیان کوشتووە، ئەمەریکا و بەریتانیا هەر ناتوانن تۆزیشی لەدوو بکەن. خوێنەر نابێ بە هەڵە لەم وتەیەی من حاڵی بێ و بە داکۆکیکەر لە ئەمەریکا و بەریتانیام بزانێ. من وەک کوردێک قەت دڵم بە ئەمەریکا و بەریتانیا خۆش نییە، بەڵام کە دەبینم دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس لە بنەوە هەڵدەتەکێنن، درۆم کردووە، گەر بڵێم گەز گەز گۆشت ناگرم!

برادەرێک پرسیبووی: ئەلجەزیرە بۆ وا دەکا؟ منیش دەپرسم: بۆ نابێ ئەلجەزیرە وا بکا؟! ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە، خۆیان گۆتەنی، کە کاریان داکۆکیکردن لە عەرەبایەتی و شەرەفی نەتەوە و نیشتمان بێ، با لەژێر هەر پەردەیەکیشەوە بێ، دیارە بە مافی خۆشیان دەزانن شەو و ڕۆژ فرمێسک بۆ سەددام و ڕژێمەکەی ببارێنن. کوردستانی بەزۆر لکێنراو بە عێراقیش، بۆ پەیامنێران و قسەڕۆیشتووانی ئەلجەزیرە، لە چاکترین باردا، هەر (شمالنا الحبیب) ەکەی بەعس دەبێ. هێشتا باش لە بیرمە کە لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لەشکری بەعسییان و پارتییانی خۆشمان هاتنەوە هەولێر، یەک لە دەم و چاوە دیارەکانی ئەوسای ئەلجەزیرە گوتی: سوپای عێراق خۆ کارێکی خراپی ئەنجام نەداوە. ئەوان هاتنەوە ناو شارێکی عێراقی و بەس! ئەم بۆچوونە دیارە خۆی لە خۆیدا ڕەتکردنەوەی خاک و نەتەوەیەکە کە ناویان کورد و کوردستانە. ئیتر نازانم دەبێ چ لە کەناڵێکی وەک ئەلجەزیرە چاوەڕوان بکەین؟

سەرانی کورد و بەرپرسان لە باشووری کوردستان ئەوەندەی ڕێز لە پەیامنێرانی بیانی و کەناڵە ئاسمانییە جیهانییەکان دەگرن، نیو ئەوەندە نرخێک بۆ پەیامنێران و ڕۆژنامەڤانە کوردەکانی

لەمەڕ خۆمان دانانێن. هەر هۆکارێکی وەها بوو کە پاڵی بە برایەکی خۆشەویست و ڕۆژنامەڤانێکی هەولێرنشین نا تا ڕۆژنامەڤانی کورد بە (بێ قیمەتترین) ڕۆژنامەڤان دابنێ. ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبییە و ANN و کەناڵە بیانییەکانی تر ئەم ڕەوشە دەقۆزنەوە و بە کەیفی دڵ و (بگرە گونی!) خۆشیان لەمەڕ کورد و کوردستان هەڵدەدەنێ.
لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم: کەناڵی ئەلجەزیرە سەر بە بەرەی دوژمنی کوردە. منیش کە کوردم خووم بەوە نەگرتووە گلەیی لە دوژمنانم بکەم.

mehabadk@hotmail. com
ستۆکهۆڵم ٥-٤-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت